# کاریگەری جێ بەجێکردنی مەرجەکانی

# ISO 17025 (متمانەی نێودەڵەتی لە بواری پشکنینی

# تاقیگەیی) بۆ سەر تاقیگەکانی بیناسازی لە

# هەرێمی کوردستاندا.








***ئامادەکردنی توێژینەوە***

***ئەندازیار***

***ئاسۆ عبدالله کریم***

# ناوەرۆک


| ژمارەی لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 1 | پوختە |
| 2 | پێشەکی |
| 3 | متمانەی ئایزۆی17025 نێودەوڵەتی |
| 4 | گرنگی متمانەی نێودەوڵەتی |
| 5 | سوودەکانی بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی |
| 7 | مەرجە تایبەتمەندیەکانی ئایزۆی 17025 |
| 8 | توانایی |
| 11 | نواندنی بەرپرسیارێتی |
| 12 | مێتۆدی زانستی |
| 12 | بێ لایەنی دەرئەنجام |
| 13 | بێ لایەنی ڕەفتار |
| 13 | توانای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پێوانەکان |
| 14 | توانای دووپاتکردنەوەی پشکنین |
| 14 | ڕۆشنی و ڕوونی پرۆسەکان |
| 15 | شێوازی ئەنجامدانی تۆژینەوەکە |
| | دەرئەنجامەکان |
| 17 | کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی17025 لە سەر ڕازیبوونی کارمەندانی تاقیگە |
| 20 | کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی17025 لە سەر جێ بەجێکردنی کار لە تاقیگەدا. |

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی17025 لە سەر ئەو کارمەندانەی کە ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەن | 23 |
| ئەو ئاستەنگانەی کە دووچاری تاقیگەکان دەبێتەوە لە کاتی جێ بەجێ کردنی مەرجەکانی ئایزۆی17025 | 25 |
| کاریگەرە نەگەتیڤەکانی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لەسەر تاقیگەکان | 29 |
| پێشنیارەکان | 32 |
| پاشکۆکان | 34 |

## پوختە

مەبەست لەم تویژنەوەیە زانینی کاریگەری جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 (متمانەی نێودەڵەتی لە بواری پشکنینی تاقیگەیی) بۆ سەر تاقیگەکانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندایە.

لەم تۆژینەوەیەدا زانیاری سەرەکی و یارمەتی دەر بەکار هێنراوە. زانیاری یارمەتی دەر لەو سەرچاوانە وەرگیراوە کە لە سەر بابەتی بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی لە بواری پشکنینی تاقیگەیی نوسراون.

زانیاری سەرەکی ڕاستەو خۆ لە کارمەندانی تاقیگەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون لە ڕێی فۆرمێکی پرسیارنامەی فرە بەشەوە. زانیاری لە 285 کارمەندی چوار تاقیگەی بیناسازی وەرگیراوە .

تۆژینەوەکە نیشانی دەدات کە کارمەندەکانی تاقیگەکان زیاتر ڕازین لە کارەکەیان، وێرای ئەوەی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ بەرپرسیارێتی زیاتری خستۆتە ئەستۆیان.

بەشداربوانی ئەم تۆژینەوەیە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ کاریگەری ئەرینی هەیە لەسەر جێ بەجێ کردنی کاری تاقیگەو دەرئەنجام ئەمەش ناوبانگێکی باش بە تاقیگە دەدات.

بەشداربوانی ئەم تۆژینەوەیە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئاستی متمانەییان بە خۆیان بەرزبۆتەوە و ڕێژەی هەڵەکردنیان بەرەو کەمی چووە لە دوای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ.

## پێشەکی

لە کوردستاندا هەڵمەتێکی بەرفراوانی بیناسازی و دروستکردنی ڕێگاوبان دەستیپێکردووە بە تایبەت لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا و پێشبینی دەکرێت کە ئەم هەڵمەتە بەردەوام بێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

تاقیگەکانی کوردستان ئەرکی کۆنترۆڵ و پشکنینی سەرەکی کەرەسەی بیناسازیان لەسەرشانە و بە بەراورد کردن لەگەڵ تاقیگە بیناسازیەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، بە گەورەترین تاقیگە لەقەڵەم دەدرێن لە بواری ژمارەی پشکنینی کەرەسەو کۆنترۆڵدا.

لە هەرێمی کوردستاندا چوار تاقیگەی سەرەکی هەن کە هەڵدەستن بە پشکنینی کەرەسەی بیناسازی و ڕێگاوبان. ئەم تاقیگانە بریتین لە:

1. تاقیگەی هەولێر لە ساڵی 1976 دا دامەزراوەو نزیکەی 179 کارمەندی هەیە
2. تاقیگەی بیناسازی سلێمانی لە ساڵی 1976 دا دامەزراوە و نزیکەی 214 کارمەندی هەیە
3. تاقیگەی دهۆک لە ساڵی 1977 دامەزراوە و 119 کارمەندی هەیە
4. تاقیگەی کۆیە لە ساڵی 1977 دامەزراوە و 32 کارمەندی هەیە.

تاقیگەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی زیاتر لە سەدا نەوەدوپێنجی 95% پشکنینی سەرەکی کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا. بە پێ ی ئامارەکانی ساڵی 2009 .

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ دا هەڵسا بە خستنەکاری بەرنامەی پەرەپێدانی تاقیگەکانی بیناسازی هەرێم بە مەبەستی ئامادەکردنی تاقیگەکان بۆ بەدەست هێنانی متمانەی ئایزۆی نێودەوڵەتی (ISO 17025)لە رِێی دارِشتنی سیستمێکی یەکانگیری کارگێرِی و هونەری لە گشت تاقیگەکاندا، تا تاقیگەکان بتوانن هەڵسن بە پشکنینی سەرەکی کەرەسەی بیناسازی و رِێگاوبان بە تازەترین درووست ترین شێوە، تا بتوانرێت کۆنترۆڵی جۆری ئەو کەرەسانە بکرێت و کەرەسەکان بە پێی مواسەفاتی نێودەوڵەتی هەڵبسەنگێنرێت و دەرئەنجامی پشکینەنەکان پشتی پێ ببەسترێت.

## 1- متمانەی ئایزۆی17025 نێودەوڵەتی

پێدانی متمانەی ئایزۆی نێودەوڵەتی بە هەر تاقیگەیەک مانای ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو تاقیگەیە لێهاتوو کارامەیە بۆ ئەنجامدانی پشکنین و پێوانەی تایبەت، سیاسەتێکی کارگێرِی تایبەتمەندی هەیە و دەرئەنجامی پشکنین و پێوانەکانی دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.

تاقیگەی لێهاتوو کارامە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بەدی بکرێت:

- کارمەندەکانی لێهاتوو رِاهێنراون بۆ ئەنجامدانی پشکنین و پێوانە.
- ئامێری بەکار و دروستی هەیە
- مێتۆدی پشکنینی ستاندەری هەیە
- ژینگەی گونجاوی هەیە بۆ کار

- ڕێنمایی جێبەجێ کردنی کار تایبەت بە هەڵسەنگاندنی کار و ڕاستکردنەوەی کاری هەیە
- سیستمی کۆنترۆڵی جۆری هەیە

## 2- گرنگی متمانەی نێودەوڵەتی

لە کاتی بوونی متمانەی نێودەوڵەتی، کڕیار دڵنیا دەبێت لە گونجاوی و کواڵیتی ئەو بەرهەمەی کە لە بازاڕدا دەیکڕێت و بەکاری دەهێنێت، چونکە لە کاتی نەبوونی متمانەی نێودەوڵەتی، کڕیار تەنها گەرەنتی فرۆشیاری هەیە وابەستە بە کواڵیتی (جۆر) ئەو بەرهەمانەی کە دەیکڕێت. گەرەنتی فرۆشیار خۆی لە خۆیدا بەس نی یە، چونکە فرۆشیار لە بەرژەوەندی خۆیەتی کە زۆر جار کواڵیتی بەرهەمەکەی خۆی بەرزترنیشان بدات وەک لە ڕاستەقینەی بەرهەمەکە و لەوانەیە فرۆشیار هەندێ زانیاری وابەستە بە بەرهەمەکەیەوە لە کڕیار بشارێتەوە.

بۆنموونە لە ساڵی ۲۰۰۸ دا جیهان دووچاری کێشەیەکی گەورە بوو لە بواری شیری ووشکی منداڵان ی بەرهەمهێنراو لە چین دا. کۆمپانیا چینیەکان هەڵسان بە بەکار هێنانی مادەی (Melamine) لە شیری ووشکدا، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێژەی پرۆتین لە شیرەکەدا بەرزبکەنەوە. بەڵام بەکارهێنانی مادەی (Melamine) لە شیرە وشکەکەدا بووە هۆی نەخۆش خستنی پەنجا هەزار منداڵی ساوا و مردنی شەش منداڵی ساوا لە چیندا. لەدوای ئەم ڕووداوە کۆمپانیاکان ناچار بوون کە شیرە ووشکەکایان لە بازاڕدا کۆبکەنەوە. بەڵام وەک زانراوە کاتێک بەرهەمێکی ناجۆر دەکەوێتە بازاڕەوە، کۆکردنەوەی بەرهەمەکە لە

بازاڕدا هیچ کاتێک بە ڕێژەی سەد دەر سەد نی یە، ڕێژەیەک لە بەرهەمەکە هەر لە بازاڕدا دەمێنێتەوەو لە لایەن خەڵکەوە بەکار دەهێنرێت. بۆ ئەم کۆمپانیا چینیانە زۆر هەرزانتر دەبوو ئەگەر متمانەی نێودەوڵتیان بەدەست بهێنایە وەک لەو زەرەی کە تووشی بوون لە ئەنجامی کۆکردنوەوی بەرهەمەکانیان لە بازاڕدا.

## 3- سوودەکانی بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی

تۆژینەوەکان نیشانیان داوە کە وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی سوودمەندە بۆ تاقیگەکان لەم بوارانەی خوارەوە (ILAC):

- پێشخستنی خزمەتگوزاری بۆ موشتەری و مامەڵەکردنی گلەییەکانی موشتەری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی تاقیگە.
- بەدەست هێنانی ڕاهێنانی چڕ بۆ دەستەی کارگێڕی تاقیگەو کارمەندەکانی و بوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی و ڕازیبوونی کارمەندەکان لە کارەکانیان. بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ تاقیگە بواری توانای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پێوانەکان دەڕەخسێنێت، لە هەمان کاتدا بلاّو بوونەوەی هوشیاری و زانیاری زیاتر پەیوەست بە ئامێرو مێتۆدی بەکارهاتوو لە تاقیگەکەدا وبەرزبوونەوەی ئاستی کوالّیتی کار. بە دەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی هەلی بە هێزکردنی توانای کارمەند بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دەڕەخسێنێت و ڕێنماییەکانی کار ڕوونترو ئاشکرا تر دەکات.

- وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی پەسەند کردنی فەرمی دەدات بە لێهاتوویی تاقیگە لە بواری ئەنجامدانی پشکنین و پێوانەدا. لە هەمان کاتدا کارامەیی و کاریگەری تاقیگە دەسەلمێنێت. ئەو تاقیگەیی کە متمانەی نێودەوڵەتی پێدەدرێت بە بەردەوامی لە لایەن لایەنی متمانە پێدەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە بەردەوامی پەیڕەوی کردنی تاقیگە بۆمەرجەکانی متمانە نێودەوڵەتیە پێدراوەکە. بە بەردەوامی داوا لە تاقیگەکە دەکرێت کە بەشداری بکات لە پرۆگرامی پشکنینی کارامەیی دا( Proficiency Testing )، ئەمەش بۆ ئەوەی تاقیگە بتوانێت بە بەردەوامی کارامەیی خۆی بسەلمێنێت لە بواری ئەنجام دانی پشکنین و پێوانەکاندا.
- متمانەی نێودەوڵەتی ئامێرێکی کارایە لە بازاڕ گەرمکردنی(Marketing) کاری تاقیگەدا وهەلی کارکردنی زیاتر بۆ تاقیگە دەڕەخسێنێت لە کاتی بوونی پێشبڕکێ لەگەڵ تاقیگەی تردا. ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە تاقیگەی متمانە پێکراو بەکار دەهێنن بۆ پشکنینی بەرهەمەکانیان ، بەرهەمەکانیان لە بازاڕدا جێی متمانەی زیاتری کڕیارن.
- متمانەی نێودەوڵەتی بەڵگەیەکە کە تاقیگە کارەکانی بە شێوەیەکی زانستانە ئەنجام دەدات.
- پشکنینی بەرهەم و کەل و پەل بۆ دڵنیا بوون لە گونجانیان بە پێی ستاندەرو داواکاری تایبەت،کات و پارەی دەوێت لە کاتی ئەنجام دانیدا. لە کاتی دووپات کردنەوەی پشکنینەکان مەسرەفەکە دووبارە دەبێتەوەو هەندێک جار مەسرەفەکەی لە پشکنینی یەکەم جاری زیاتر دەبێت. ئەنجام دانی پشکنین لە تاقیگە متمانە پێدراوەکان ئەگەری دووپات کردنەوەی پشکنین زۆر کەم دەکاتەوە.

- بوونی متمانەی نێودەوڵەتی دڵنیایی موشتەری بە دەرئەنجامی پشکنینەکان زیادتر دەکات. چونکە موشتەری دڵنیایە کە پشکنینەکان لە شوێنێکی متمانە پێکراو ئەنجامدراوە.
- دەسەڵاتدارانی زۆربەی وڵاتان داوا لە تاقیگەکانیان دەکەن کە متمانەی نیودەوڵەتی بە دەست بهێنن بۆ ئەوەی بتوانن بە دڵنیایی و درووستی ئەو بڕیارانە بدەن کە وابەستەیە بە تەندروستی و سەلامەتی هاوولاتیانەوە.

## 4- مەرجە تایبەتمەندیەکانی ئایزۆی 17025

ئایزۆی 17025 یەکێکە لە بەناوبانگترین "ستانداری جۆری" تاقیگە لە جیهاندا. ئەم ستاندەرە هەموو لایەنەکانی شێوەی ئەنجامدانی کار لە تاقیگە دەگرێتە خۆ. مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە. بەشی یەکەمی بریتیە لە مەرجە کارگێڕیەکان ( Management Requirement) کە لە 15 بەند پێکهاتووە. بەشی دووەم بریتیە لە مەرجە هونەرییەکان( Technical Requirement ) کە لە 10بەند پێک هاتووە ( سەیری پاشکۆی ژمارە 1 بکە) .

ئایزۆ 17025 لەسەر 8 بنەمای سەرەکی پێکهاتووە( Gravel 2006 ) کە بریتین لە :

1- توانایی (Capacity)
2- نواندنی بەرپرسیارێتی (Exercise of Responsibility)

3- میتۆدی زانستی (Scientific Method)

4- بێ لایەنی دەرئەنجام (Objectivity of Results)

5- بێ لایەنی ڕەفتار (Impartiality of Conduct)

6- توانای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پێوانەکان (Traceability of Measurement)

7- توانای دووپاتکردنەوەی پشکنین (Repeatability of Test)

8- ڕۆشنی و ڕوونی پرۆسەکان (Transparency of Process)

### 4.1- توانایی (Capacity):

تاقیگە پێویستە کە توانایی هە بێت لە بواری ( کارمەندی لێهاتو و شارەزا، ژینگەی شیاو و ئامێری تایبەت، کۆنترۆڵی جۆری و ڕێنمایی جێبەجێ کردنی کار) بۆ ئەوەی بتوانێت کارە تەکنیەکانی بەشێوەیەکی گونجاو باوەڕپێکراو ئەنجام بدات و ئەنجامی پشکنینەکانی درووست بێت .

### 4.1.1- کارمەند (Employee)

هەموو ئەو کارمەندانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر درووستی ئەنجامی پشکنینەکان، پێویستە لێهاتووی خۆیان لە بواری ئەنجامدانی ئەرکە تایبەتییەکانیان بسەلمێنن لە ڕێی تۆماری کەسی کارمەندەوە. تۆماری کەسی کارمەند پێویستە خوێندن، ڕاهێنان، زانیاری تەکنیکی و ئەزموون ی کارمەندی تێدا تۆمارکرابێت . تاقیگە پێویستە بە بەردەوامی لێهاتوویی کارمەندەکانی هەڵبسەنگێنێت و ڕاهێنانی تایبەت بۆ کارمەندەکانی دابین بکات. کارمەندانیش پێویستە ڕێنمایی سیاسەت و ئامانجەکانی کواڵیتی جۆری و سیستمی بەڕێوەبردن بکەن .

### 4.1.2- ژینگەی تاقیگە (Environment)

تاقیگە دەتوانێت کارەکانی لە ژینگەیەکی جێگر یا بزۆک دا ئەنجامبدات بە مەرجێک ئەم ژینگەیە مەرجەکانی ئەنجامدانی پشکنین و ئامێری پێویست بە پشکنیەنەکانی تێدا دابین کرابێت.

بۆ ئەو پشکنینانەی کە پێویستیان بە ژینگەیەکی کۆنترۆڵکراو هەیە ( بۆ نموونە پلەی گەرمایی تایبەت یا پلەی شێی تایبەت)، پێویستە تاقیگە لە ڕێی تۆمارەوە بیسەلمێنێت کە ئەم مەرجانە دابین کراوەو بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری دەکرێت. تۆمارەکە پێویستە ئاماژە بە ئەو فاکتۆرانەی بکات کە کاریگەریان هەیە بۆ سەر درووستی ئەنجامی پشکنینەکان. تاقیگە پێویستە هەنگاوی تایبەت بنێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک ئەگەر مەرجەکان لەدەرەوەی ڕێژەی قبوڵکراودا بوو.

ئەرکی سەرشانی تاقیگەیە کە بە بەردەوامی دڵنیا بێت کە ئامێرەکانی مەرجە تایبەتمەندییەکانی ئەنجامدانی پشکنینیان تێدا بە دیدەکرێت. ئەمە یەکێکە لە سەرەکی ترین خاڵ لە کاتی هەڵسەنگاندنی تاقیگەدا. ئامێرەکان پیویستە ئەنجامی ڕاست و درووست بدەن بە پێی ستاندەرەکان. جا بویە پێویستە لە کاتی کڕینی ئامێر بۆ تاقیگە ڕێنمایی ئەم خاڵە بکرێت. تاقیگە پێویستە دڵنیا بێت لەوەی کە ئامێرەکان توانای ئەنجامدانی پشکنینی خوازیاریان هەیە، ئەم زانیاریانەش دەتوانرێت لە ڕێی مەنیوەڵ و زانیاری پەیوەست بە ئامێرەوە بەدەست بهێنرێت. هە موو ئامێرێک دەبێت پێوانە کرابێت( Calibrated) لە لایەن لایەنێکی متمانە پێدراوی نێودەوڵەتییەوە و چێک کرابێت پێش بە کارهێنانی بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکان.

### 4.1.3- <u>کۆنترۆڵی جۆری</u>(Quality Control)

کۆنترۆڵی جۆری گەلێک گرنگە بۆ تاقیگە لە بواری بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی. کۆنترۆڵی جۆری تاقیگە پشت ئەستووردەکات بە ئەنجامی پشکنینەکانی. درووستی و ڕاستی ئەنجامی پشکنینەکان بەبەردەوامی لە ڕێی کۆنترۆڵی جۆریەوە دەتوانرێت چێک بکرێت، ئەم چێک کردنەش دەتوانرێت دەرەکی یان ناوخۆیی بێت. کۆنترۆڵی جۆری ناوخۆیی دەتوانرێت ئەنجامبدرێت لە ڕیی بەکارهێنانی تەکنیکی ئامارەوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ئەنجامی پشکنینەکان دەست نیشان بکرێت. کۆنترۆڵی جۆری دەرەکی دەتوانرێت لە ڕێی پرۆگرامی پشکنینی کارامەیی ( Proficiency Testing Program) یان بەراوردکردنی ئەنجامی پشکنین لە نێوان تاقیگەکاندا (Inter- Laboratory Comparison) ئەنجام بدرێت.

### 4.1.4- ڕێنمایی جێبەجێ کردنی کار(Procedures)

تاقیگە پێویستە ڕێنمایی جێبەجێ کردنی کاری خۆی هەبێت. ڕێنماییەکان دەبێت زۆر ڕوون و ئاشکرا بن بە جۆرێک کە هەموو کارمەندانی تاقیگە بتوانن پەیڕەوی بکەن و لە هەمان کاتدا ڕێنماییەکان دەبێت مەرجەکانی کارگێڕی ئایزۆی 17025جێبەجێ بکات. پێویستە کارمەندان ڕابهێنرێت بۆ پەیڕەوی کردنی ئەم ڕێنماییانە. ڕێنمایی ئایزۆی 17025دەبێت دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو 16 بەندەی کە لە پاشکۆی 2 دا هاتووە.

### 4.2- نواندنی بەرپرسیارێتی (Exercise of Responsibility)

بە پێی مەرجەکانی ئایزۆی 17025هەموو کارمەندێک بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدات. پێویستە تاقیگە بەڕێوەبەری جۆری هەبێت، ئەم کەسەش بەرپرسیارە بەرامبەر بە چاودێری کردن و جێبەجێکردنی سیستمی کارگێڕی جۆری. بەڕێوەبەری جۆری دەبێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت بە بەڕێوەبەری تاقیگە و سەرچاوەی بڕیارەوە.

لە هەمان کاتدا دەبێت زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی جۆری مێتودەکان و ڕێنمایی جێبەجێ کردنی کاری تاقیگە و ئامانجەکانی تاقیگە وشێوەی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی پشکنینەکان. بەڕێوەبەری جۆری بەرپرسیارە بەرامبەر بە دەست نیشانکردن و بە ئاگا هێنانەوەی تاقیگە لەو توانایانەی کە پێویستە بۆ کارەکانی تاقیگە دابین بکرێت.

کارمەندە هونەریەکان پێویستە پشکنینەکان بە پێی ستاندەرەکان ئەنجام بدەن. دەسەڵات و بەرپرسیارێتی کارمەند دەورێکی باڵای هەیە لە ڕاست و درووستی ئەنجامی پشکنینەکان، جا بۆیە بەرپرسیاریەتی و دەسەڵاتی ئەو کەسانە لە ڕوونکردنەوەی کاردا بە ووردی دەستنیشان دەکرێت. تاقیگە بە پێی یاسا بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاست و درووستی ئەنجامی ئەو پشکنینانەی کە لە لایەن تاقیگەوە ئەنجام دەدرێت.

## 4.3- مێتۆدی زانستی (Scientific Method)

ئەو پشکنینانەی کە لە تاقیگە ئەنجام دەدرێت پێویستە بە پێی مێتۆدی نێودەوڵەتی پەسەندکراو ئەنجامبدرێت. هە رلادانێک لەم مێتۆدانە پێویستە بسەلمێندرێت پێش بەکارهێنانی بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە گونجاوی ئەم مێتۆدە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی باشتر وایە مێتۆدی سەلمێندراو بەکار بهێنرێت.

## 4.4- بێ لایەنی دەرئەنجام (Objectivity of Results)

دەرئەنجامی پشکنینەکان پێویستە لە سەر بنچینەی سیستمی پێوانەی پەسەندکراو بێت و سەرچاوەکەی بتوانرێت بگەڕێنرێتەوە سەر سیستمی یەکەی پێوانەی SI نێودەوڵەتی.

پەیوەست بە دەرئەنجامە چۆنێتیەکان (Qualitative Results)، وەک شیکاری کیمیاوی، پێویستە هەموو ئەو ئامێرانەی کە لە پشکنینەکاندا بەکاردەهێنرێت، سەرچاوەکەی بتوانرێت بگەڕێنرێتەوە سەر سیستمی پێوانەی نێودەوڵەتی، تا دەرئەنجامەکان بتوانرێت متمانەی پێ بکرێت.

## 4.5- بێ لایەنی ڕەفتار (Impartiality of Conduct)

ئەو کارمەندانەی کە پشکنینەکان ئەنجام دەدەن، پێویستە پەیڕەوی ڕێنماییە ستاندەرەکان بکەن و ئەم پەیڕەوی کردنە دەبێت دژ بە بەرژەوندی کارمەند نەبێت. نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێ بە دژایەتی کردنی بەرژەوەندی کارمەند بدرێت. کارمەند دەبێت بەڵێننامەی ڕاگرتنی نهێنی واژوو بکات، لە بەڵێننامەکەدا داوا لە کارمەند دەکرێت ئەو زانیاریانە بپارێزێ کە لە ڕێی کارەکەیەوە بەدەستی دەهێنێت.

## 4.6- توانای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پێوانەکان (Traceability of Measurement)

دەرئەنجامی ئەو پشکنینانەی کە لە تاقیگە ئەنجام دەدرێت لەسەر بناغەی سیستمی یەکەی پێوانەی SI نێودەوڵەتی یە.توانای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پێوانەکان ئامێری بەکارهێنراو بۆ پشکنینەکانیش دەگرێتە خۆ. ئەو ستاندەرەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی ئامێر(Calibration of Equipment) دەبێت بتوانرێت بگەڕێنرێتەوە سەر ستاندەرە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان.

## 4.7- توانای دووپاتکردنەوەی پشکنین(Repeatability of Test)

لە کاتی دووپاتکردنەوەی هەر پشکنینێک بە هەمان ئامێرو ڕێنمایی پشکنین و هەمان کارمەند، دەبێت هەمان دەرئەنجامی پێشووی بدات لە گەڵ جیاوازییەکی کەمی ڕێپێدراو.

توانای دووپاتکردنەوەی پشکنین یەکێکە لە ڕێنمایی جێبەجێ کردنی کاری کۆنترۆڵی جۆری بۆ دڵنایی بوون لە دەرئەنجامی پشکنینەکان.

## 4.8- ڕۆشنی و ڕوونی پرۆسەکان (Transparency of Process)

ڕۆشنی و ڕوونی پرۆسەکان مانای ئەوە دەگەیێنێت کە ڕێنماییەکانی جێبەجێ کردنی کار دەتوانرێت بخرێتە ژێر ووردبینی ولێکۆڵینەوەی دەرەکی و ناوخۆیی. لێکۆڵینەوەی ناوخۆیی ئاماژە بۆ کارمەندان ، ووردبینی ناوخۆیی( Internal Audit) و پێداچوونەوەی کارگێڕی (Management Review)دەکات.

لێکۆڵینەوەی دەرەکی ئاماژە بۆ موشتەری، لایەنی پێدانی متمانە دەکات. موشتەری بۆی هەیە لە هەندێک حاڵەتدا داوا لە تاقیگە بکات کە زانیاری پێبدات سەبارەت بە میتۆدی بەکارهاتوو لە پشکنینەکاندا.

## شێوازی ئەنجامدانی تۆژینەوەکە

لەم تۆژینەوەیەدا زانیاری سەرەکی و یارمەتی دەر بەکار هێنراوە.  زانیاری یارمەتی دەر لەو سەرچاوانە وەرگیراوە کە لە سەر بابەتی بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی لە بواری پشکنینی تاقیگەیی نوسراون.

زانیاری سەرەکی ڕاستەو خۆ لە کارمەندانی تاقیگەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون لە ڕێی فۆرمێکی پرسیارنامەی فرە بەشەوە. زانیاری لە 285 کارمەندی چوار تاقیگەی بیناسازی وەرگیراوە .

## شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان

لە پایزی ساڵی 2011 دا ئەم تۆژینەوەیە ئەنجامدراوە. زانیاریەکان لە لایەن لێپرساوی جۆری تاقیگەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کۆیە کۆکراوەتەوە. لێپرساوی جۆری تاقیگەکان پێشتر خولی ڕاهێنانی چڕیان دیووە لە بورای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ دا. زانیاریەکان لە ڕێی  پرسیارنامەیەکی  6 بەشیەوە بەدەست هێنراوە. بەشەکانی پرسیارنامەکە لە پاشکۆی ئەم تۆژینەوەیە دا هاوپێچ کراوە.

شێوازی پرسیارنامەکە لەسەر پێوەری لیکەرت (Likert Scale)دارێژراوە. پێوەری لیکەرت   یەکێکە لە بەناوبانگترین پێوەرە سایکۆمێتریەکان کە لە پرسیارنامەی تۆژینەوەدا بەکاردەهێنرێت.

لە دوای پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان، داتاکان لە سەر شێتی ئێکسێل 2010 داخڵکراوە و ئامارەکان شیکراوەتەوە.

## دەرئەنجامەکان

لە تێکڕای 544 کارمەندی تاقیگەکانی بیناسازی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و کۆیە، 285 کارمەند بەشداری ئەم تۆژینەوەیان کردووە ( کە دەکاتە نزیکەی 52% هەموو کارمەندانی تاقیگەکان).

بەشێوەیەکی سەرەکی دەرئەنجامەکانی تۆژینەوەکە دابەش دەکەین بەسەر چەند تەوەرێکدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لە سەر ڕازیبوونی کارمەندانی تاقیگە.
2. کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لە سەر جێ بەجێکردنی کار لە تاقیگەدا.
3. کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لەسەر ئەو کارمەندانەی کە ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەن
4. ئەو ئاستەنگانەی کە دووچاری تاقیگەکان دەبێتەوە لە کاتی جێ بەجێ کردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 .
5. کاریگەرە نەگەتیڤەکانی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لەسەر تاقیگە.

## 1- کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لە سەر ڕازیبوونی کارمەندانی تاقیگە.

وێنەی ژمارە 1 چەند ڕاستیەک دەخاتە ڕوو سەبارەت بە کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لە سەر ڕازیبوونی کارمەندانی تاقیگە. هەروەک لە خاڵی یەکی ئەم وێنەیەدا دەبینرێت 81% کارمەندەکان زیاتر ڕازین لە کارەکەیان، وێرای ئەوەی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ بەرپرسیارێتی زیاتری خستۆتە ئەستۆی کارمەندەکان هەروەک لە خاڵی13 ی وێنەکەدا دیارە کە 82% کارمەندەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ بەرپرسیارێتی زیاتری خستۆتە ئەستۆی کارمەندان.

سەبارەت بە ڕازیبوونی زیاتری کارمەندان لە کارەکانیان لە دوای جێ بەجێ کردنی مەرجەکانی ئایزۆ، هەروەک لە وێنەکەدا دەبینرێ لە دوای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ ئەم هەنگاوە پۆزەتیڤانە خوارەوە نراوە:

- 71% بەشداربوانی تۆژینەوەکە کۆکن لەسەر ئەوەی کە جێبەجیکردنی مەرجەکانی ئایزۆ دەوروبەرێکی کارکردنی یارمەتیدەری ئامادەکردووە بۆ کارمەندان.

- 65% کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامەی ئایزۆ هەلی ڕەخساندوە بۆ پێشخستنی تواناکانی کارمەند لە ڕێی بەدەست هێنانی ڕاهێنانی پێویستەوە.
- 80% کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی کاراتر بەشداری دەکەن لە کارە پێسپێردراوەکان لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکانی تاقیگەدا. 64% کارمەند هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هان دەدرێن بۆ پێشکەش کردنی پێشنیار. 75% کارمەندان پێیان وایە کە گواستنەوەی پەیام و ڕاگەیاندنەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی تاقیگە بەرەو باشتر چووە لە دوای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ.
- 73% کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە زانیاری پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری تاقیگە ، ڕینمایی باشتر بۆ ئەنجامدانی کار و زانیاری باشتر سەبارەت بە میتۆدی پشکنین و ئامێرەکان بە ئاسانی لەبەر دەستدایە لە دوای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ.
- ڕازیبوونی کارمەند لە کارەکانیان لەوەشدا دەردەکەوێت کە 89% کارمەندان شانازی دەکەن بە کارکردنیان لە تاقیگەدا و 82% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە زیاتر دلسۆزی دەنوێنن لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا.




## وێنەی ژمارە 1 : ڕازیبوونی کارمەندان

## 2- کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لە سەر جێ بەجێکردنی کار لە تاقیگەدا.

تۆژینەوەکان نیشانیان داوەکە جێ بەجێ کردنی مەرجەکانی ئایزۆ دەرئەنجامێکی ئەرینی هەیە بۆ سەر تاقیگە. هەر وەک لە وێنەی ژمارە 2 دا بەدەر دەکەوێت:

بەشداربوانی ئەم تۆژینەوەیە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ کاریگەریەکی ئەرینی هەیە لەسەر جێ بەجێ کردنی کاری تاقیگەو دەرئەنجام ئەمەش ناوبانگێکی باش بە تاقیگە دەدات.

90% کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کۆنترۆڵ کردنی کارەکانی تاقیگە بەرەو باشتر چووە دوای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ.

85% کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تاقیگە باشتر سوود وەردەگرێت لە دەرامەت و سەرچاوەکانی.

89 % بەشداربوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە جۆری خزمەتگوزاریەکانی تاقیگە بەرەو باشتر چووە و 94% بەشداربوان لەو باوەڕەدان کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوبانگی تاقیگە پەرەبسێنێت.

82% کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ لێهاتوویی تاقیگە لە پشکنیندا بە بەکارهێنەران نیشان دەدات.

88% بەشداربون لە تۆژینەوەکەدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ بۆتە هۆی هێنانی تەکنەلۆجیای نویێ بۆ تاقیگە. 80% کارمەندان کۆکن لەسەر ئەوەی کە توانای تاقیگە بەرزتربووەتەوەو تاقیگە پێشکەوتنی بەدەست هێناوە لە بواری پشکنین دا.

89% بەشداربوان لە تۆژینەوەکەدا کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ گەرەنتیەکە کە تاقیگە بەشێوەیەکی دروست و زانستانە کارەکانی ئەنجامدەدات.




وێنەی ژمارە 2: جێ بەجێکردنی کار

## 3-کاریگەری ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 لەسەر ئەو کارمەندانەی کە ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەن.

بە پێی مەرجی تایبەتمەندی ئایزۆی ژمارە 1 وابەستە بە توانایی تاقیگە، تاقیگە پێویستە کە توانایی هە بێت لە بواری کارمەندی لێهاتو و شارەزا. تاقیگە پێویستە بە بەردەوامی لێهاتوویی کارمەندەکانی هەڵبسەنگێنێت و ڕاهێنانی تایبەت بۆ کارمەندەکانی دابین بکات. لە دوای ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ، تاقیگەکان هەڵساون بە ئەنجامدانی ئەم کارانەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەی پێکراوەو ئەمەش لە وەڵامی بەشداربووەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر وەک لە وێنەی ژمارە 3 هاتووە :

82% ی کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تاقیگە پابەندە بە پەیڕەوی کردنی ستاندەرەکانی ئایزۆ.

87% ی بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئاستی متمانەییان بە خۆیان بەرزبۆتەوە . 82% ی کارمەندان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕێژەی هەڵەکردنیان بەرەو کەمی چووە.




وێنەی ژمارە 3 : کارمەندانی ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەن

## 4- ئەو ئاستەنگانەی  کە دووچاری تاقیگەکان دەبێتەوە لە کاتی جێ بەجێ کردنی مەرجەکانی ئایزۆی  17025 .

هەروەک لە وێنەی ژمارە 4 دا بەدەردەکەوێت، تۆژینەوەکە نیشانی دەدات کە بەشێکی زۆری بەشداربوان ئاماژە بە نەبوونی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ونەبوونی ئاسانکاری و پێداویستی ڕاهێنان لە بواری پشکنین و نەبوونی تاقیگەی باوەڕپێکراوی کێش و پێوانە  و خەرجی زیادە بۆ ڕاهێنان دەکەن،

هەروەک لە وێنەی ژمارە  4 دا بەدەردەکەوێت 77% ی کارمەندان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دووچاری ئاستەنگی نەبوونی تاقیگەی باوەڕپێکراوی کێش و پێوانە دەبنەوە لە کاتی جێ بەجێکردنی  مەرجەکانی  ئایزۆی 17025دا.
هەروەک لە بەندی  مەرجە تایبەتمەندەکانی ئایزۆدا هاتووە کە ئەرکی سەرشانی تاقیگەیە کە بە بەردەوامی دڵنیا بێت کە ئامێرەکانی مەرجە تایبەتمەندییەکانی ئەنجامدانی پشکنینیان تێدا بە دیدەکرێت. هە موو ئامێرێک دەبێت پێوانە کرابێت( Calibrated ) لە لایەن لایەنێکی متمانە پێدراوی نێودەوڵەتییەوە و چێک کرابێت پێش بە کارهێنانی بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکان.

75%  بەشداربوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەبوونی فرۆشیاری ئامێرو کەل و پەلی پێوانەکراو ئاستەنگێکە کە تاقیگە دووچاری دەبێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆدا.

70% بەشداربوان لە تۆژینەوەکەدا کۆکن لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 پرۆسەیەکی درێژخایەنەو 82% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە بۆ ڕاهێنانی کارمەندان و 64% بەشداربوان کە پێوانە کردنی ئامێرەکان خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە تەنها 50% بەشداربوان لەو باوەڕەدان کە نەبوونی کارمەندی لێهاتوو ئاستەنگە لەکاتی جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆدا. وابەستە بە دەستنیشانکردنی لایەنی متمانە پێدان توژینەوەکە نیشانی دەدات کە 69% ی بەشداربوان ئەم کارە بە ئاستەنگ دەزانن لە کاتی جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 دا. 60% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نەبوونی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ئاستەنگە لە کاتی جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆدا.

بە پێی مەرجەکانی ئایزۆ بە بەردەوامی داوا لە تاقیگە دەکرێت کە بەشداری بکات لە پرۆگرامی پشکنینی کارامەیی دا( Proficiency Testing )، ئەمەش بۆ ئەوەی تاقیگە بتوانێت بە بەردەوامی کارامەیی خۆی بسەلمێنێت لە بواری ئەنجام دانی پشکنین و پێوانەکاندا. تۆژینەوەکە نیشانی دەدات کە 67% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نەبوونی پشکنینی کارامەیی کێشەیەکە کە تاقیگە دووچاری دەبێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆدا. لە کۆتایدا تۆژینەوەکە نیشانی داوە کە 53% ی بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە

بیرۆکراسی لە ئەنجامدانی کاردا ئاستەنگێکە کە تاقیگە دوچاری دەبێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆدا.




وێنەی ژمارە 4 : ئاستەنگاکان

## 5- کاریگەرە نەگەتیڤەکانی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی 17025لە سەر تاقیگەکان.

هەر وەک لە وێنەی ژمارە 5 دەردەکەوێت %77ی بەشداربوان لە تۆژینەوەکەدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ بۆتە هۆی زیادبوونی نوسینکاری و فایلکاری.

%77ی بەشداربوان لە تۆژینەوەکەدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ بۆتە هۆی زیادبوونی پەستانی کار.

هەر وەک لە وێنەی ژمارە 6 دا بەدەر دەکەوێت، تۆژینەوەکە نیشانی دەدات کە بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆ خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە لەم بوارانەی خوارەوەدا:

83% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ڕاهێنانی کارمەندان خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە.

93% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە چاککردنەوەو پێوانەکردنی ئامێرەکان خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە.

89% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کڕینی ئامێری نوێ خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە.

75% بەشداربوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەراورد کردنی ئەنجامی پشکنین لە نێوان تاقیگەکان و ئەنجامدانی کارامەیی لە پشکنیندا خەرجی تاقیگە بەرز دەکاتەوە.




وێنەی ژمارە 5 : کاریگەری نێگەتیڤ




وێنەی ژمارە 6 : خەرجی زیادە

## پێشنیارەکان

لە دەرئەنجامی ئەم تۆژینەوەیەدا ئەم پێشنیارانە دەخرێتە ڕوو بە مەبەستی بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ تاقیگەکانی بیناسازی هەرێمی کوردستان لە دوو ئاستادا:-

### یەکەم: لەسەر ئاستی تاقیگەکان

هەروەک لە دەرئەنجامی تۆژینەوەکەدا هاتووە( بەشی ئاستەنگەکانی کە دووچاری تاقیگەکان دەبێتەوە ...) بەشێکی زۆری بەشداربوان ئاماژە بە نەبوونی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ونەبوونی ئاسانکاری و پێداویستی ڕاهێنان لە بواری پشکنین و نەبوونی تاقیگەی باوەڕپێکراوی کێش و پێوانە دەکەن. جا بۆیە پێشنیار دەکرێت کە تاقیگەکان هەڵبسن بە:-

- هاوکاری کردن لە گەڵ چەند تاقیگەیەکی متمانە پێدراوی نێودەوڵەتی بە مەبەستی گۆڕینەوەی زانیاری و ڕاپرسی.
- دابین کردنی پێداویستی ڕاهێنان لە بواری پشکنیندا.
- بەشداری کردن لە پرۆگرامی پشکنینی کارامەیی دا( Proficiency Testing )، ئەمەش بۆ ئەوەی تاقیگەکان بتوانن بە بەردەوامی کارامەیی خۆیان بسەلمێنێنن لە بواری ئەنجام دانی پشکنین و پێوانەکاندا.

## دووەم : لەسەر ئاستی وەزارەتی پەیوەندیدار

- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بە مەبەستی پێشخستنی تواناکانی تاقیگە و بەدەست هێنانی متمانەی نێودەوڵەتی.
- دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆی تایبەت بە تاقیگەکان بەمەبەستی یارمەتیدانی تاقیگەکان بۆ بەدەست هێنانی متمانەی ئایزۆی نێودەوڵەتی و پاراستن و بەردەوامی بڕوانامەی متمانەی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە ڕێگای بەدوداچوونی بەردەوام لەبواری پێشکەوتنی ئەندازەی تاقیگەیی بیناسازی بەرەوپێشبردنی ئاستی تواناو لێهاتوویی زانستی و هونەری کارمەندانی تاقیگەکان.

# پاشکۆی ژمارە 1

### Management Requirements مەرجە کارگێرییەکان

- Organization
- Management System
- Document Control
- Review of requests, tenders and contracts
- Subcontracting of tests and calibrations
- Purchasing services and supplies
- Service to the customer
- Complaints
- Control of non-conforming testing and/or calibration work
- Improvement
- Corrective action
- Preventive action
- Control of records
- Internal audits
- Management reviews

## Technical Requirements مەرجە هونەرییەکان

- General
- Personnel
- Accommodation and environmental conditions
- Test and calibration methods and method validation
- Equipment
- Measurement traceability
- Sampling
- Handling of test and calibration items
- Assuring the quality of test and calibration results
- Reporting the results

## پاشکۆی ژمارە 2

## Clauses of ISO/IEC 17025 requiring procedures

### بەندەکانی ئایزۆی 17025 کە پێویستە ڕێنمایی کاریان بۆ دەستنیشان بکرێت

- Document Control
- Review of requests, tenders and contracts
- Purchasing services and supplies
- Complaints
- Control of nonconforming work
- Corrective action
- Preventive action
- Control of records
- Internal audits
- Management reviews
- Test and calibration methods and method validation
- Maintenance of equipment
- Measurement traceability
- Sampling
- Handling of tests and calibration items
- Assuring the quality of test results

**تا چ ڕادەیەک تۆ هاوڕایت لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 ئەم گوڕانکاریانەی خوارەوەی ئەنجام داوەلە تاقیگەکەدا.**

| | | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێ لایەن | هاوڕانیم | زۆر هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕازیبوونی کارمەندان | | | | | |
| 1 | ڕازیبونێکی باشتر لە کار | 39% | 42% | 17% | 1% | 1% |
| 2 | جێبەجیکردنی دەوروبەرێکی یارمەتیدەرئامادەدەکات | 27% | 44% | 20% | 8% | 1% |
| 3 | ڕەخساندنی هەل بۆ بەدەست هێنانی ڕاهێنان بە مەبەستی پێشخستنی تواناکان | 30% | 35% | 15% | 13% | 7% |
| 4 | ڕێزلێنان لە کارەکەت | 31% | 44% | 16% | 7% | 2% |
| 5 | بەشداری کردن بە شێوەیەکی کاراتر لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکانی تاقیگە | 34% | 46% | 17% | 3% | 0% |
| 6 | جێبەجێکردنی کاری بەکۆمەڵ بەهێزتر دەکات | 39% | 38% | 16% | 6% | 1% |
| 7 | هاندەدرییت بۆ پێشکەش کردنی پێشنیار | 28% | 36% | 19% | 11% | 6% |
| 8 | دەستکەوتنی زانیاری پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری تاقیگە، ڕینمایی باشتر بۆ ئەنجامدانی کار و زانیاری باشتر سەبارەت بە میتۆدی پشکنین و ئامێرەکان | 38% | 35% | 19% | 6% | 2% |
| 9 | باشتربوونی گواستنەوەی پەیام و ڕاگەیاندنی دەستەی بەڕێوەبردن | 27% | 48% | 16% | 7% | 2% |
| 10 | شانازی دەکەم بەوەی کە لەتاقیگەیەک کار دەکەم کە میتۆدی پشکنینی نێودەڵەتی پەسەندکراو بەکاردەهێنێت | 60% | 29% | 9% | 1% | 1% |
| 11 | بەدەست هێنانی کەڵکی دارایی زیاتر | 26% | 38% | 24% | 9% | 3% |
| 12 | دڵسۆزی زیاتر لە ئەنجامدانی کارەکاندا | 42% | 40% | 13% | 3% | 2% |
| 13 | بەرپرسیاری زیاتر | 46% | 36% | 15% | 3% | 0% |

**خشتەی ژمارە 1 : ڕازیبوونی کارمەندان**

تا چ ڕادەیەک تۆ هاوڕایت لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوەی ئەنجام داوەلە تاقیگەکەدا.

| | | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێ لایەن | هاوڕانیم | زۆر هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جێ بەجێکردنی کار | | | | | | |
| 1 | باشتر کۆنترۆڵ کردنی کارکردنی تاقیگە | 60% | 30% | 10% | 0% | 0% |
| 2 | بەرەوپێشبردنی جۆری خزمەتگوزاری | 46% | 43% | 11% | 0% | 0% |
| 3 | دەتوانێت بەبەردەوامی پێشبڕکێی بکات | 31% | 38% | 28% | 3% | 0% |
| 4 | زیادکردنی قازانج | 30% | 30% | 28% | 10% | 0% |
| 5 | ناوبانگی تاقیگە پەرەدەسێنێت | 43% | 51% | 6% | 0% | 0% |
| 6 | کاریگەرترین ڕیکلامە بۆ تاقیگە | 26% | 39% | 30% | 5% | 0% |
| 7 | گەرەنتیەکە کە تاقیگە بەشێوەیەکی دروست و زانستانە کارەکانی ئەنجامدەدات | 51% | 38% | 11% | 0% | 0% |
| 8 | تەکنەلۆجیای نوێ دێنێتە تاقیگەوە | 59% | 29% | 10% | 2% | 0% |
| 9 | زیادبوونی بەرهەم | 39% | 15% | 31% | 12% | 3% |
| 10 | بەرزبوونەوەی توانای تاقیگە تا بتوانێت شان بەشانی پێشکەوتنەکان لە بواری پشکنین دا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت | 49% | 31% | 15% | 5% | 0% |
| 11 | باشتر سوود وەرگرتن لە دەرامەت و سەرچاوەکان | 44% | 41% | 15% | 0% | 0% |
| 12 | لێهاتوویی لە پشکنیندا بە بەکارهێنەران نیشان دەدات | 36% | 46% | 16% | 2% | 0% |

فۆرمی ژمارە 2: جێ بەجێکردنی کار

**تا چ ڕادەیەک تۆکە ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەیت  هاوڕایت لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی  17025 ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوەی ئەنجام داوەلە تاقیگەدا.**

| زۆر هاوڕانیم | هاوڕانیم | بێ لایەن | هاوڕام | زۆر هاوڕام | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | کارمەندانی ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەن | |
| | | 18% | 28% | 54% | تاقیگە پابەند دەکات کە پەیڕەوی ستاندەرەکانی ئایزۆ بکات | 1 |
| | | 13% | 33% | 54% | بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەیی ئەو کەسانەی کە پشکنین ئەنجامدەدەن | 2 |
| | 2% | 16% | 31% | 51% | کەمکردنەوەی هەڵەکردنی کارمەندانی تاقیگە | 3 |
| | | | | | | |

**خشتەی ژمارە 3 :  کارمەندانی ڕاستەوخۆ پشکنینەکان ئەنجامدەدەن**

**تا چ ڕادەیەک تۆ هاوڕایت کە تاقیگە دووچاری ئەم ئەم ئاستەنگانەی خوارەوە دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی مەرجەکانی ئایزۆی نێودەولەتی 17025 .**

| # | ئاستەنگەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێ لایەن | هاوڕانیم | زۆر هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەستنیشانکردنی لایەنی متمانە پێدان | 14% | 55% | 29% | 1% | 1% |
| 2 | نەبوونی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری | 25% | 35% | 31% | 9% | 0% |
| 3 | نەبوونی کارمەندی لێهاتو و شیاو | 36% | 24% | 30% | 7% | 3% |
| 4 | نەبوونی ئاسانکاری و پێداویستی ڕاهێنان | 49% | 40% | 8% | 3% | 0% |
| 5 | نەبوونی فرۆشیاری ئامێرو کەل و پەلی پێوانەکراو | 29% | 36% | 22% | 13% | 0% |
| 6 | نەبوونی تاقیگەی باوەڕپێکراوی کێش و پێوان | 36% | 41% | 14% | 6% | 3% |
| 7 | نەبوونی پشکنینی کارامەیی | 31% | 36% | 27% | 6% | 0% |
| 8 | بیرۆکراسی لە ئەنجامدانی کاردا | 19% | 34% | 35% | 6% | 6% |
| 9 | پرۆسەیەکی درێژخایەن | 27% | 43% | 27% | 3% | 0% |
| 10 | خەرجی زیادە بۆ ڕاهێنان | 31% | 51% | 14% | 4% | 0% |
| 11 | خەرجی زیادە بۆ پێوانەکردنی ئامێرەکان | 21% | 43% | 28% | 8% | 0% |

**فۆرمی ژمارە 4 : ئاستەنگەکان**

**تا چ ڕادەیەک هاوڕایت لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 ئەم کاریگەرانەی خوارەوەی هەیە بۆ تاقیگە.**

| | | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێ لایەن | هاوڕانیم | زۆر هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خەرجی زیادە | | | | | | |
| 1 | ڕاهێنانی کارمەندان | | | | | |
| 2 | چاککردنەوەو پێوانەکردنی ئامێرەکان | | | | | |
| 3 | کڕینی ئامێری نوێ | | | | | |
| 4 | کات بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکان | | | | | |
| 5 | بەراورد کردنی ئەنجامی پشکنین لە نێوان تاقیگەکان و ئەنجامدانی کارامەیی لە پشکنیندا. | | | | | |

**خشتەی ژمارە 6 : خەرجی زیادە**

**تا چ ڕادەیەک هاوڕایت لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئایزۆی 17025 ئەم کاریگەرانەی خوارەوەی هەیە بۆ تاقیگە.**

| | | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێ لایەن | هاوڕانیم | زۆر هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خەرجی زیادە | | | | | | |
| 1 | ڕاهێنانی کارمەندان | 65% | 18% | 13% | 2% | |
| 2 | چاککردنەوەو پێوانەکردنی ئامێرەکان | 54% | 39% | 5% | 2% | |
| 3 | کڕینی ئامێری نوێ | 51% | 38% | 11% | | |
| 4 | کات بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکان | 38% | 41% | 21% | | |
| 5 | بەراورد کردنی ئەنجامی پشکنین لە نێوان تاقیگەکان و ئەنجامدانی کارامەیی لە پشکنیندا. | 36% | 39% | 25% | | |

**خشتەی ژمارە 6 : خەرجی زیادە**

# سەرچاوەکان


- American Association of Laboratory Accreditation (A2LA), 2008. *R 103-general requirements: proficiency testing for ISO/IEC 17025 laboratories* [online]. April 2008. Available from: http://www.proficiency.org/Portals/0/A2LAAcred.pdf

- Canadian Association for Environmental Analytical Laboratories, 2002. *2001 Study performance and accreditation, laboratory accreditation: proof of performance* [online]. Canada. Available from:

  http://www.cala.ca/perfacred-2001.pdf

- Gravel, J. E. J., 2006. Understanding ISO/IEC 17025. *Lab Manager* [online]. April-May 2006, 1 (1), pp. 27-28. Available from:

  http://www.labmanager.com/archives/labmanager20060405-dl.pdf

- ILAC. n.d. *The advantages of being an accredited laboratory* [online]. Australia. Available from:

  http://www.ilac.org/documents/Bro_english/the_advantages_of_being.pdf

- ILAC. 2001. *Why become an accredited laboratory?* [online]. Australia. Available from:

  http://www.ilac.org/documents/Bro_english/why_become_an_accred_lab.pdf

- ILAC. 2001. *Why use an accredited laboratory?* [online]. Australia. Available from:

  http://www.ilac.org/documents/Bro_english/why_use_an_accredited_lab.pdf

- ILAC. 2008. *How does using an accredited laboratory benefit government and regulators?* [online]. Australia. Available from:

  http://www.ilac.org/documents/Bro_english/How_does_using_benefit.pdf

- ILAC, 2009. *About ILAC* [online]. Available from:

  http://www.ilac.org/aboutilac.html

- ILAC, 2009. *Facts and figures* [online]. Available from:

  http://www.ilac.org/facts_fig.html

- ILAC, 2009. *ILAC's role* [online]. Available from:

  http://www.ilac.org/role.html

- International Laboratory Accreditation Cooperation, 2004. *ILAC Laboratory Survey on Conversion to ISO/IEC 17025* [online]. Available from:

  http://www.cala.ca/ia_ILAC_survey_report.pdf

- International Laboratory Accreditation Cooperation, 2005. *ILAC-P9:2005, ILAC Policy for Participation in National and International Proficiency Testing Activities* [online]. Rhodes, NSW, Australia. Available from:

  http://www.ilac.org/documents/pub_Ilac-p9.pdf

- International Organization for Standardization (ISO), 2009. *About ISO* [online]. Available from:

  http://www.iso.org/iso/about.htm